# زمانی ڕەنگ و دەنگی شیعر
# لە گەلەری (شاعیرێ وێنەدەکێشێ)



دەوەن

لەکاتی خوێندنەوەی شیعردا، هیچمان لەلای بەشەکانی تری ژیانمان نین، بەڵکو هەموومان جەستەیەکیین لەناو دێڕە شیعرییەکانداو بەبێدەنگی دەخوێنینەوەو بەئاستەم گوێمان لە ترپەی دڵمانە (ئۆکتاڤیۆ پاز[٢]،وتەنی (ئەرێ لە ترپە ترپی پێڵوەکان زیاتر شتێکیتر هەیە؟) لە هەموو دەقێکی زیندوودا بەتایبەتی دەقی شیعر، خەیاڵێک لەپەرتەوازبوون و مانا دروستەکاندا هەیە، کەدەتوانین لەم دوو مانایەدا ڕەنگ و زمانە دروستەکانی دەق و ماناکانی واتا و ئێستاتیکای دەق و سیحرە جوانەکانی ناوەوەی دەقدا بیاندۆزینەوە، شیعر ئەو دەمانە دەبێتە دەقی دروست، کە بتوانێ لەناو ڕستەدا خەیاڵ و مانا بخولقێنێ، کاتێکیش خەیاڵ و مانا توانییان ستراکتوری وێنە و ناوەڕۆک چێبکەن، مانای وایە زمان لەناو دەقدا بوونی هەیە و وەکتریش دەتوانین دیوە شاراوەکانی ناوەوەی دەق بدۆزینەوەو ڕاڤەی جدییان لەسەر بکەین. لەناو ئەو دێڕە شیعریانەی کەدەیانخوێنینەوە، ئەوە ئێمە و خوێنەرین کڕو بێدەنگ بەناو باخچە و گوڵە دێڕەکانا دەڕۆین و ناتوانین تا دواهەمین ڕستە سەرهەڵبڕین، شاعیریش لەتەک خۆی و شیعردا پەلکێشمان دەکەن بۆناو گێڕانەوەی (مێژوو، زمان، وێنە) ئێمەش زەمەن و کات لەتەک خۆمان دەبەین بۆ دارستانی شیعر و لەوێ جگە لە دیوان و چەند ڕستەیەک، هیچیدی بەدی ناکەین، خولاسە ئەوە دەقی سەنگینە بەردەمی زمانمان دەگرێت و ناهێڵێت جودا بینەوە لە یەکتری، لەم ساتەدا شیعر وەک موزیک وایە لەگەڵ کاتەکانی ئێمەدا یەکدەگرنەوە، یان وەک تەماشاکردنی تابلۆیەکی سەرنجڕاکێش دەچینە ناو دونیای ڕەنگ و هەست دەکەین (موزیک، ڕەنگ، شیعر) یەکماڵیان هەیە، بەڵام لە پۆشاک و خۆگۆڕیندا لێکجیاوازن، ئەو ڕۆحانەی کە عاشقی موزیکن زیاتر ئەم حاڵەتە دەیانگرێتەوە، ئەوەی ئارەزووی بێت گوێ لەموزیک

بگرێت، دڵنیام هەمیشە لەناو هەستەکانیدا شیعر و تابلۆ و ڕەنگ بوونی هەیە، نهێنی شیعری جوان لە وەدایە کە واتا لەناو دەقی شیعردا بخولقێنێ ئەگەر نا، پێچەوانەکەی دەبێتە ئەدەب نەک شیعر. شیعریش دروستکردنەوەی زمان و خەیاڵە دەکارێ گشت ڕووداوەکان لە دێڕێکی جوان و پڕ مانادا بگێڕێتەوە، واتە گێڕانەوەو جوڵەی خەیاڵ ئەو ڕووداوو مێژوویانە تۆمار دەکات، کەزەمەنێک بەر لەئێستا ڕوویانداوە. شاعیر هەم مێژوو دەنووسێتەوەو هەمیش زمانی پاشە ڕۆژ بەرەو نوێبوونەوە دەبات، ئەز دەخوازم لێرەوە بەرەو خوار ببینەوە بۆناو ئەو دەقانەی کەهەمیشە لەسەرزاران میوانن و تۆسقاڵە زەڕڕەیەک لەهەستەکانمان جودا نابنەوە. دیوانی شیعری (شاعیرێ وێنە دەکێشێ) چەند تابلۆیەکن کە هەریەکەیان خاوەنی حەکایەت و مێژووی گێڕانەوەی زمانی شاعیر خۆیەتی، ئەوەی سەرنجی منی لەتەک خۆیدا بردە ناو ئەم تابلۆ شیعرییانەوە، نزیکبوونەوەی ئەو ڕۆحەیە کەلە چەند دەقێکیتردا دەتوانین بیاندۆزینەوە. (عەبدولقادر سەعید و بەختیار عەلی) نمونەیەکن لەو دەقە شیعرییانەی کە نزیکبوونەوەیان پاکێتی هەست و ڕاستگۆیی هەردوو خاوەن قەڵەممان بۆ دەخەنە ڕوو.

عەبدولقادر سەعید دەنووسێت:
(شاری ژنکوژان)

(ژمارەی ژنە کوژراوەکان لە ژمارەی تفەنگەکان زیاترن
ژمارەی گۆڕستانەکان لە ژمارەی کۆڵانەکان زیاترن
ژمارەی ژنکوژەکان لە ژمارەی واعیزەکان زیاترن) (لاپەڕە ٢٢)

بەختیار عەلی دەنووسێت:
(ژمارەی گەمژەکان)

(ژمارەی گەمژەکان لەژمارەی گەڵای درەختەکان و پاسارییەکان زیاترن
هەموو کۆترەکانی سەرنشینی ئەم دونیایە، ژمارەیان ناگاتە ژمارەی گەمژەکانی ئەم شارە
ئەی دۆست. . . گەمژەکان لێرەدا پادشان، ڕەخنەگرن، حاکمن
مامۆستای ستاتیکان. . . مۆسیقارن. . . ڕۆژنامەنووسن. . . شاعیرن
ژمارەی گەمژەکان لە ژمارەی ئەستێرەکان زیاترن) (لاپەڕە ٤٩)

کاتێ نزیکبوونەوەی ڕۆح و داهێنان، ئاوێتە دەبن لەناو خوێندنەوەی دەقە زیندووەکاندا، ئیدی شتێک بەدی ناکەین پێی بووترێ لەیەکچوون، بەڵکو ئەوە خەیاڵ و زمان و ڕەنگی شیعرە وا دەکات، داهێنانەکان بچنەوە کن یەکتری (جۆرج ئۆرۆڵ) لەڕۆمانی (١٩٨٤) زۆر بەڕوونی پێمان ئێژێت (هیچ کتێبێک لەدونیادا یەک قەڵەم خاوەنی نییە «٣» دەنگی هەقیقەت هەمیشە ئامادەگی لەناو دەقە زیندووەکاندا هەیە، ڕەنگی شیعر هەموو کات لەناو خەیاڵە زیندووەکاندا بوونی هەیە، مادامەکی هەردوو شاعیر ئامادە و زیندوون، دەق نهێنی و شاراوە نییە، دەتوانین بەسانایی هەقیقەتی دەق و داهێنانەکانی هەردوو نووسەر بەدی بکەین. هەمان نزیکبوونەوەی ڕۆح لەناو دەقی شاعیرانی وەک (جەمال غەمبار، دلاوەرقەرەداغی)دا دەبینن، ئەم ئەقڵانە هەموویان خەون بەجوانی نیشتیمانەوە دەبینن، وەلێ لەڕەنگ و زمان و وێنەی شیعردا جیاوازن، پاولۆ کۆئیلۆ (بەنووسین، لەخوداو ئەوانیتر نزیکتر دەبینەوە.«٤» ئەوە نووسین و خوێندنەوەی بەردەوامە دەمانباتە ناو نهێنی و هەوێنی یەکدییەوە، پرۆسەی لێک تێگەیشتنمان بۆ ئاسان دەکات، بەجۆرێک دەتوانین دەقە کلاسیک و تازەکان لەبونیادی شاراوەی خودی

دەق و جوڵەی بەردەوامی شیعرییەکان نزیکبینەوە. جەمال غەمبار لەپێشەکی دیوانی (هەمیشە با لەوێ بێن لەلای عیشق) پێناسەیەکی دروست و پڕمانا دەکات (شیعر بۆ خۆی پڕۆژەیەکە بەردەوام لە جوڵەو جەرەیاندایە«٥» لەناو هەموو دەقێکی شیعردا، چەندین شیعرو وێنە دەنگ و مانای تر بەدیدەکەین. لە چیرۆک و ڕۆمانیشدا هەمان بینین و دۆزینەوەی دەقیتر ئامادەگی هەیە، (بوزورگ عەلەوی) توانی لە نیگاو تەماشاکردنی تابلۆیەکی نیگارکێشی ناوداری ئێران (کەمال ئەلمولک) باشترین و جوانترین ڕۆمانی خۆی بنووسێت و بڵاو بکاتەوە، هاوڕێی ئازیزم، ئازاد بەرزنجی ڕۆمانی چاوەکانی لە زمانی فارسییەوە کرد بەکوردی، کە یەکێک بوو لە جوانترین وەرگێڕان و باشترین زمانی وەرگێڕان، ڕۆمانی چاوەکانی حەوت جار چاپکراوەتەوەو تا هەنوکەش خوێنەرانێکی زۆر بەدوویدا وێڵن، ئازاد بەرزنجی لە پێشەکی ڕۆمانەکەدا دەڵێ (زۆربەی ڕەخنەنووسان ڕۆمانی (چاوەکانی) بە سەرکەتووترین کاری عەلەوی لەقەڵەم دەدەن، بوزورگ لەمیانی تابلۆیەکەوە کەبریتییە لە دەموچاوی ئافرەتێک، بەڵام تەنها چاوەکانی بەڕوونی دەبینرێن و بەشەکانی تری ئەو دەموچاوە لەتاریکیدا ونن (٦) بزورگ لەتەماشکردنی ڕووخساریکەوە دەمانخاتە بەردەمی ڕۆمان و گێڕانەوەیەکی شیعرئامێز کە بۆخۆی داهێنانێکی نوێ و دەگمەنە و دەکرێ وەک نوێکارییەکی تەکنیکی تێی بڕوانین. نموونەیەکی تری دونیای ڕۆحە زیندووەکان ڕۆمانی (پەیکەری فەرهاد) «٧»ە لەنووسینی (عەباسی مەعرووفی) ئەم ڕۆمانەش هەمان خوێندنەوەو تەماشاکردنە کە عەباسی مەعرووفی لە زمانی پاڵەوانێکی چیرۆکی (بومی کوێر) «٨» ی سادقی هیدایەت، وەریگرتووەو ڕۆمانێکیتری بە تەکنیک و نوێکاری جوداوە هێناوەتە بەرهەم، وەک لە سەرەتادا عەرزم کردن، هەموو نووسەرێکی خاوەن سەلیقە دەتوانێ لە ناو تابلۆ و چیرۆک و ڕۆمان و تەنانەت گوێگرتن لە مۆزیکیش داهێنانی نوێ و دەقی جدیتر بخوڵقێنێ. لێرەوە دەگەینە ئەو هەقیقەتەی نزیکبوونەوەی ڕۆحەکان لە دەقە زیندووەکاندا بوونی هەیە. دیوانی (شاعیرێ وێنە دەکێشێ) لەو جۆرە داهێنانەیە کە عەبدولقادر سەعید توانیویەتی لە ڕەنگی تابلۆکانی هونەرمەندی شێوەکار مامۆستا (عەلی لەتیف) وشە لەڕەنگ و تابلۆ لە شیعردا بخوڵقێنێ، واتە لەڕەنگەوە بۆ نووسین و لەنووسینیشەوە بۆناو ڕەنگ.

عەبدولقادر سەعید دەنووسێت:

(من خەیاڵم هەر لەلای ئەو مەحاڵە بوو
کە دەستی هیچ هونەرمەندێ
جارێکیتر
سیحری ئەو زەردەخەنەو
ڕەنگی ئەو چاوانەی تۆی
هەرگیز پێ تێکەڵ ناکرێ) (لاپەڕە ٣٨ / ٣٩)

تایبەتمەندی سەرەکی ئەم شیعرە بیرۆکەیەکی هونەریانەی نیگارکێشەکانە، گرنگە شاعیر بتوانێ بە وشە ڕەنگ و تابلۆ بکێشێ، لەم چەند دێڕەی سەرەوەدا دەتوانین نموونەیەکی زیندووی هونەری وێنەکێشان بدۆزینەوە کەڕاستەڕێ دەمانباتە لای تابلۆ بەناوبانگەکەی (مۆنالیزا) ی (لیۆناردۆ داڤینشی) هەرچەندە ئەم شیعرە لەسەر تابلۆیەکی مامۆستا (عەلی لەتیف) نەخشێنراوە، بەڵام هێندە وردو ژیرانە نووسراوە، خەیاڵی خوێنەر پەلکێش دەکات بۆ لای تابلۆکەی مۆنالیزا. ئەدەب و دەروێستی و فۆرم دوو پێکهاتەی گرنگی نوێخوازانەی شاعیرە، کە بەتەکنیک و هونەری نوێخوازانە دەمانخاتە

بەردەمی بەرپرسیاریتی جوانیناسی و بەرپرسیاریتی هەبوونی دەقی شیعردا. جەوهەری ناوەوەی دەق ئەو سادە نووسینەیە کە لەخوێندنەوەی دەقدا مانا قووڵەکانی دەقمان نیشاندەدات، کاری شاعیر ئەوەیە کەبتوانێ لەسادەییەوە بێتە ناو جەوهەری مانا و ناوەرۆکەوە، بەجۆرێکیتر ئیشکردنی شاعیر لەدەقی شیعردا گەڕانە بەناو گەڕۆکی زمان و بەرپرسیاریتی خودی جەوهەری واتا و جوانیناسیدا. شاعیر لێرەدا بەزمانێکی هێند سادە دەنووسێت، خوێنەر زۆر بەسانایی دەتوانێ لەماناکانی سروشت و خۆشەویستی مرۆڤەکان حاڵی ببێت، بەڵام لە ماناکانی واتا و تەکنیکی شیعردا عاقڵانە گێڕانەوە دروستدەکات.

عەبدولقادر سەعید دەنووسێت:

(سبەینان زوو تا لەو شووشە عەترە نەدەم لەخۆم
کەلە گوڵی خۆشەویستیت داچۆڕاوە
بەرەو مەیدانی بێکاران ناکەومە ڕێ
نەوەک لەوێ هەناسەی بەد مەستێکی گومڕا
تێکەڵ بەو هەناسانە ببێ کە ئەمشەو
لە هەناسەکانی تۆم خواستبوون) (لاپەڕە ٥٦ / ٥٧)

ئەو ناخوازێت هەناسەی دەستگیرانەکەی کەلەناو سنگیدا هەڵی گرتووە، تێکەڵ بە هەناسەی هیچ مرۆڤێکیتر ببێت، شاعیر ڕاستگۆیی خۆی دەخاتە بەردەمی دەستگیرانەکەی و ڕووو بە ڕووو پێیدەڵێت، هەتاکو مەست نەبم بەبۆنی خۆشەویستی، ناتوانم نان و ئازادیت بۆ بهێنمەوە. ئەم دەربرینی سادەگۆییە هەم شاعیر و هەمیش خوێنەر دوور دەخاتەوە لە تەم و مژی ڕستەی بێ مانا، مامۆستا (مەسعود محەمەد) تەفسیرێکی جوانی بۆ شیعری تازەی کوردی کردووە کە دەبێژێ (دەمەوێ بە شاعیری کوردی نوێخواز بڵێم خەست کردنی تەمومژی ناو تەعبیر و هەڵنانی پەردەی نامۆیی بە دەوری هەڵبەستەوە حەشارگەی خۆ تێدا بواردنە «٩» ڕستەی خاوەن مانا هەمیشە گرنگییەکەی تایبەت بە خودی شاعیر و جەوهەری تەکنیکی شیعرەوە هەیە (دلاوەر قەرەداغی) لە دیوانی (من لە شارێکی زۆر دوورم) زۆر بە سادەیی و پڕمانا لە قەسیدەی (زستان دێت) تابلۆیەکی تازە و گێڕانەوەیەکی تری زستانمان نیشاندەدات:

دلاوەر قەرەداغی دەنووسێت:

(زستان دێت)
(هەست بە هەڵکردنی با دەکەم
هاڕەی شکانی گوڵدانێک دێتە گوێم
هەست دەکەم
کتێبێک دەدڕێت
ئینجانەیەک درز دەبات
درەختێک دەوەرێت
گوێم لێیە
جۆلانەیەک شەق دەبات
باخێک دەمرێت
زستان دێت

شەلاڵ لە ئارەقە
خۆی بە ماڵدا دەکات و
چوار شانە. . . کفت و شەکەت
لە ژووری میوان دادەنیشێت!) (لاپەڕە ٣ / ٤)

وەرزەکانی ساڵ هەر یەکەیان خاوەنی ڕەنگ و موزیک و دیرۆکی تایبەت بەخۆیان هەیە، هەریەکەیان بەجۆرێک سروشت و ژیانی مرۆڤەکان جوانتر دەکەن، بەگشتیش مرۆڤەکان ئارەزوویان لە وەرزی پاییزە. وەرزی پاییز وەرزێکە تەژییەلە (ڕەنگ، با، شیعر، موزیک) زۆربەی هەرە زۆری شاعیرانی کورد و بێگانە شیعری جوانیان بۆ پاییز نووسیوەو خۆیان و شیعرەکانیان لە ڕەنگی پاییز هاڵکێشاوەو تابلۆیەکیان بۆ پاییز نەخشاندووە، دلاوەر قەرەداغی لەم چەند دێڕەدا، نمایشێکی کۆتایی وەرزی پاییزمان نیشاندەدات، دوا توڕەبوونی پاییزە و هاتنی وەرزی زستانە، شیعرەکانی دلاوەر قەرەداغی، هەر هەموویان کۆمەڵێ دەقی (شانۆیی)ن سروشت و مرۆڤەکان پێکەوە خۆیان لەناو دێڕە شیعرییەکاندا نمایش دەکەن، قەسیدەی (زستان دێت) تابلۆیەکی جوانی کۆتایی وەرزی پاییزە، ئەم جۆرە خەیاڵانە لە تابلۆکانی (کلاودیا مۆنێ) دەچێت کاتێک کە (با) چەتری خۆشەویستەکەی دەفڕێنێ و سەراپا مرۆڤ و سروشت پڕ دەکەن لە (ڕەنگ، با، موزیک، شیعر)

عەبدولقادر سەعید دەنووسێت؛

(ساڵ بەهەر چوار وەرزەوە جوانە
بەهار
هاوین
پاییز
زستان
تووورەبوونت لەماچ نیگەرانم ناکات چونکە،
بە وەرزەکانی ساڵدا ئەزانم
ئەوینەکەمان چەند سروشتییە) لاپەڕە (٤٦ / ٤٧)

بەکار هێنانی ئەم جۆرە زمانە بۆ شیعر سەلیقە و هوشیاریی زۆری دەوێت، واتە زمان لە شیعردا، دروستکردنی زمان و خەیاڵ و ڕەنگ و ئێستاتیکای خودی دەق خۆیەتی، بێئەم کەرەسانەش شیعر دروست نابێت، هەمیشە و بەردەوام شیعر جەنگێکە لەگەڵ فیکردا، گەر لەناو شیعردا فیکر ئامادەگی نەبێ، مانای وایە خاڵییە لە جوڵەکانی ڕەنگ و موزیک و خەیاڵ و زمان، شیعر لەناوەوەی خۆیدا هەڵگری ڕۆحێکی موزیکییە، بە بێ ئەم ڕۆحە موزیکییە، ناتوانین ڕەنگ و بەرائەتەکانی سروشت و مرۆڤ بەدیبکەین، جەنگی بەردەوامی شاعیرەکان، جەنگێکی مرۆڤدۆستانە بووە بۆ جوانکردنی ژیانی مرۆڤەکان و زیندووبوونەوەی زمان و تێکەڵکردنی کولتوورەجیاوازەکان بە گشت پێکهاتە و مێژووی و جوگرافییەکانەوە. شیعر هیچ کات پێویستی بە مەدح نییە، بەڵکو خۆی شیعر دوور کەوتنەوەیە لە زمانەکانی مەدح و ڕازیبوون، هەمووکات شاعیرە جیدییەکان مەراقێکیان هەیە، دەخوازن بەشیعر (ژیان، مرۆڤ، نیشتیمان، مێژوو) بەرنە ناو دڵی مرۆڤەکانەوە، پێشتر باسی ئەو نزیکبوونەوەی ڕۆح و بەریەککەوتنەی دەقی شیعرم کرد، کەلە چەند دەقێکی شیعردا بوونی هەیە و دێڕە شیعرییەکان خۆیان ڕاستە ڕێ دێنە ناو هزرمانەوە و بیرکردنەوەمان پێدەبەخشن. (جەمال غەمبار) لە

دیوانی (هەمیشە با لەوێ بین لای عیشق) لە قەسیدەی (لەپشت زەریاکانەوە؛ گۆرانییەکی شکاو، وەک دڵی من!) دەنووسێت :

(چل پایزی تەواوە، سەفەری خۆم بە کۆڵەوەو
دەریا بە دەریا دەیگێڕم
چل پایزە، چرای خەیاڵات
لەتاقەماڵێکی بناری گۆیژەدا هەڵدەکەم،
چل پایزە، دیوار لێم دەپرسێ"
ئەو ژنە دەریاوانەت لە کوێ جێهێشت،
ژنێ ئەو دەمەی لەگەڵ ئاو جووت دەبوو
دەریای پڕ دەکرد لە عەتر و
ئاسمان لە ماچ!
بمناسەوە،
قاسیدێکم لە سەرابەوە هاتووم و،
ئاوێنەی سەبرم شکاوە،
لە زەریاکان هەڵاتووم و،
قیامەتی تەنیایی خۆم دەنووسمەوە) لاپەڕە (٣٣ /٣٤ /٣٥)

سروشتی زمان و شیعری جەمال غەمبار، پڕە لە نزای ئاشتبوونەوەی ڕۆحە زویرەکانی نیشتیمان، ئەو هەمیشە لەگەڵ ڕۆحە سپییەکانی (مەحوی و مەولانە) دا ئاڵوگۆڕی قسە و باس و پاڕانەوەی تەهارەتیان هەیە بۆ شیعر، سەربردەی ڕۆحە زیندووەکان بە شیعر دەنووسنەوە، پێکەوە دەخوازن ڕووی پەڕەکانی مەعریفە و دیوی ناوەوەی مرۆڤ لەگەڵ سرووشت ئاوێتە بکەن. جەمال غەمبار لەبەردەمی ئاوێنەی ژیان و تەمەنی غوربەتدا، بەدەنگی بەرز گۆرانی بۆ پاییز و تەمەنی خۆی دەچڕێ، لەسەفەردایە و دەگەڕێ بەدووی ئەو شەوانەی کە تەمەنی خۆی و جوانی شیعری خستە ناو ڕووناکی چرایەکەوەو کەچی جارێک لە جاران (پاییز) ئەو ژنەی نەهێنایەوە بۆ (ئاو) و بۆ ماڵەکەی گۆیژە، شیعر پرسیار لە (غەمبار) و (غەمبار)یش پرسیار لە شیعر دەکات، ئیدی لێرە بەدوا شیعر قیامەتی خودی (غەمبار) و پاییز دەنووسێتەوە.

پێشتر وتمان نزیکبوونەوەی ڕۆح، بەشێکە لە داهێنانی ئەو چەند قەڵەمەی کە لەم باسەدا ناویان هاتووە، بە بڕوای من بەشێکی زۆری ئەم نزیکبوونەوەی ڕۆحی دەقە شیعرییانە، پەیوەندی بە شوێن و جوغرافیا و مێژووی سەرهەڵدانی شیعرە لەلای دەقە زیندووەکانی شاعیرانی ئەم باسەدا، چوون هەموویان لەیەک سەردەم و لەیەک شاردا ژیاون، هەمووشیان لەدوای ڕوانگەوە، هاتوونەتە ناو دونیای شیعری ئێمەوە، سەوداو ئاڵوگۆڕی ڕۆشنبیرییان وایکردووە، کە گومان لەسەر دەقەکانیان نەکرێت، بەڵام نزیکبوونەوەی ڕۆح لەدەقی شیعری شاعیرانی ڕوانگەدا پەرتەوازە و ناجێگیرە، ئەم ناجێگیر و پارچە پارچە بوونە دەقی شیعری لە زمان و ئێستاتیکاوە گواستۆتەوە بۆ ناو مانا دەرەکییەکانی شیعر، ڕوونتر قسە بکەین دەکرێ بڵێین سەرسام بوون بە ئایدۆلۆژیا، بەشێکی گرنگی دونیای شیعری ئێمەی خستە ناو بۆشاییەکانی شەڕی نیشتیمان و دەرەوەی مێژووی دونیای ئەدەبی ئێمەوە، واتە نزیکبونەوە لە ئایدۆلۆژیا، ماناکانی دونیای نزیکبوونەوەی ڕۆحی دەق و شیعری لە ناو شاعیرانی ڕوانگەدا پاوانکردبوو، بە جۆرێک ئێستاشی لەگەڵدا بێت، نەک هەر ناجێگیر و پارچە پارچەن بەڵکو ناکۆک و ناتەباییان لەگەڵ

خۆیاندا هێنایە ناو دەقی شیعرەوە. بە جۆرێکیتر دەتوانین بڵێین ئەدەبی بەرگریی هەڵقوڵاوی دونیای ئایدۆلۆژیا و سیاسەت بوو، بزربوون لە هەوێنی ئایدۆلۆژیادا ئەدەبی بەرگریی تووشی چەند چرکە ساتێکی ناقانیعبوون کرد، ئەم ناقانیعبوونەش هەم ڕۆحی تۆلێرانس و هەمیش بڕوابوونی لێکبووردەی تووڕدایە دەرەوەی مێژووی ئەدەبی بەرگرییەوە (ڕۆڵان بارت) وتەنی (نووسراوی ئەدەبیی لە ناوەوەی خۆیدا هەڵگری لە خۆ بێگانەبوونی مێژووە و هەم هەلگری ڕوانینی مێژووە. «١٠» لە بەریەککەوتنی قەڵەمەکانی ڕوانگەدا، جیاوازی و کەلەبەری گەورەیان خستە ناو مێژووەو تەنانەت خالقی شیعریان بەئەنقەست بردە ناو فەزای ئایدۆلۆژیاوە. بەڵام شاعیرانی وەک (عەبدولقادر سەعید و بەختیار عەلی و جەمال غەمبار و دلاوەر قەرەداغی) خالقی شیعری کوردیان بردەوە بۆ پرسە گرنگەکانی سەردەمی تازە و پرسە گەورەکانی ناوەوەی جەنگە فیکرییەکانی مێژووی ئینسان و مەسەلە موقەدەسەکانی مرۆڤ و بەها سروشتییەکانی ناوەوەی دەق.

**سەرچاوەکان**

١- پووشکین نووسینی س. م. پێترۆڤ، وەگێڕانی لە عەرەبییەوە: محەمەدی مەلا کەریم.

٢ - بەردی هەتاو نووسینی ئۆکتاڤیۆ پاز، وەرگێڕانی لە فەڕەنسییەوە: ئەحمەدی مەلا.

٣ - ڕۆمانی ١٩٨٤ نووسینی جۆرج ئۆرۆڵ، وەرگێڕانی لە سویدییەوە: حەکیم کاکەوەیس.

٤ - عاریفانە نووسینی پاولۆ کۆئیلۆ، وەرگێڕانی لە فارسییەوە: یوسف محەمەد.

٥ - هەمیشە با لەوێ بێن لای عیشق، نووسینی : جەمال غەمبار.

٦ - ڕۆمانی چاوەکانی نووسینی بوزورگ عەلەوی، وەرگێڕانی لە فارسییەوە: ئازاد بەرزنجی.

٧ - ڕۆمانی پەیکەری فەرهاد نووسینی عەباسی مەعرووفی، وەرگێڕانی لە فارسییەوە: توانا ئەمین.

٨ - گوڵبژێرێک لە چیرۆکەکانی سادقی هیدایەت، وەرگێڕانی لە فارسییەوە: عەلی نانەوازادە.

٩ - مەسعود محەمەد، گۆڤاری بەیان ژمارە ٦٠ مارسی ١٩٨٠ لاپەڕە ١٦ – ٢٢.

١٠ - لەگەڵ ئەقڵی خۆرئاوادا، چەند گفتوگۆیەکی فەلسەفی و ئەدەبی، وەرگێڕانی: ئازاد بەرزنجی.

١١ - شاعیرێ وێنە دەکێشێ، نووسینی: عەبدولقادر سەعید.

١٢ - ئەی بەندەری دۆست، ئەی کەشتی دوژمن: نووسینی بەختیار عەلی.

١٣ - من لە شارێکی زۆر دورم، نووسینی : دلاوەر قەرەداغی.

